Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندە

بەناوی کوردستانی گەورە

# کەسکستان و کوردستان



ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com
تاران– 31/3/ 2709

رەنگە لە هەواڵە کان دا بیستبێتتان ، دوورگە ( نیۆرِوان)ی "گرینلەند" ،کە دەتوانین بە زمانی کوردی پێی بڵێین کەسک ستان یا سەوزستان ، و لە سەدەی هەژدەی زاینیەوە لە بن دەست وڵاتی دانمارک دا بو، لە رۆژی 2009/6/31 وە ، بێجگە لە بواری کاروباری دەرەوە ، ئاسایش و رامیاری دا، سەربەست دەبێ . تازە بریار وایە هەر ساڵ ، 633 میلیۆن دۆلار یا پتر وەک یارمەتی ، لە دانمارک وەربگرێ .

پێتەختی گرینلەند شاری "نووک= NUUK" و سەرجەمی دانیشتوانی ئەم وڵاتە نزیکەی "پەنجاوحەوت هەزار و پێنسەد و شەست و چوار" کەسن ، کە دەبنە یەک هەزارەمی حەشیمەتی کوردی جیهان !!! . ئەم دورگەیە بە پێی دارولەلەی جوغرافیایی ، بەشێک لە قورنە ( قارِە) ی ئامریکایە و دەکەوێتە دەڤەری قوببە (قوتب) ی باکوور . کەسکستان لە ساڵی 1979 ەوە ئۆتۆنۆمی وەرگرتبو ، بەڵام ئەو شتەی کە تازە سەندویەتی ، بە چەشنێک لە سەربەخۆیی دەژمێررێ .

من لێرەدا لە کانی دڵەوە پیرۆزبایی دەڵێم بە یەکەیەکەی پەنجاوحەوت هەزار و پێنسەد و شەست و چوار کەس دانیشتوانی "گرینلەند" و بە هیوام نوخشە بێ لە نزیکەی پەنجا میلیۆن خەڵکی کوردستانیش ، کە بە مافی خۆیان بگەن .

بەرەبەرە سەهۆڵەکان دەتاوێنەوە !

گەلۆ ! ئەدی وانیە ؟